گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12). No(2).Paper24

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 10/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 17/03/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# سەرچاوەكانی بەرهەمهێنانی زاراوەی كوردی لە بەرانبەر زاراوەی بێگانەدا

**بروا ڕەسول ئەحمەد [1] - مصطفی حمە عبدالرحمن[2]**

brwa@uor.edu.krd - mustafa.hama@uor.edu.krd

[1+2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەی کوردی لە بەرانبەر زاراوەی بێگانەدا)، لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دایە و هەوڵێکە بۆ دۆزینەوە و پیشاندانی ئەو وزە شاراوەیەی زمانی کوردی هەیەتی بۆ بەرهەمهێنانی زاراوە لە خودی زمانەکە خۆیەوە، بەراورد بە زمانەکانی دیکە کەمترین پێویستی هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێویستییانەی لە زمانی کوردییدا هەیە لەبارەی بەرهەمهێنانی زاراوە و چەسپاندنی ئەو زاراوانەی جێگرەوەی زاراوە بیانییەکانن و لەگەڵ سەلیقەی زمانەوانی کوردییدا باشتر دەگونجێن. توێژینەوەکە بە ئەرکی خۆی دەزانێت وروژانێک لە ئاوەزمەندی تاکی کورددا دروستبکات بەرەو ئەو ئاراستەیەی ببات، کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە لەڕوی سەرە وشەوە، هاوکات زمانێکی دارِشتەییە، کە لە توانایدا هەیە لە سەرە وشەکانەوە زاراوەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەمبهێنێت. خاڵێکی دیکەی جێی بایەخی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی سەرە وشە گونجاوەکانی زارە جیاجیاکانی زمانی کوردییە، چونکە دانانی زاراوە بۆ چەمکێکی نوێ، یان پێداویستییەکی هاوردە پێویستە سود لە هەمو شێوەزارەکانی زمانی کوردی وەربگیرێت، کە توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە پێیانوایە کانگایەکی بەنرخی بەرهەمهێنانی زاراوەن. توێژینەوەکە وەک پێشنیاز ئەوە بە گرنگ دەزانیت، کە کنە و پشکنینێک لەو ڕێگایانەدا بکرێت، کە زاراوەی کوردی بەرهەمدێنێت و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی زمانی کوردی گونجاوترین ڕێگە دەستنیشانبکرێت. پێشنیازێکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە زمانەوانی کوردی ڕژدتر کار لەسەر یەکە زمانییەکانی خۆی بۆ دروستبونی زاراوەی نوێ و پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی بکات.

توێژینەوەکە بەگوێرەی سروشتی خۆی پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاری پەسنکەرانە دەکات و کەرەستەکانی توێژینەوەکەش زمانی ڕۆژانەی خەڵک و فەرهەنگی نوسراوی (هەنبانە بۆرینە)یە.

**کلیلە وشەکان**: (زاراوە، فەرهەنگ، ئاوەز، بەرهەمهێنانی زاراوە).

# The Sources of Kurdish Term Production Versus Foreign Terms

**Brwa Rasul Ahmad[1] - Mustafa Hama Abdalrahman[2]**

[1+2]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This study, titled **"The Sources of Kurdish Term Production versus Foreign Terms,"** falls within the field of sociolinguistics and aims to explore the latent potential of the Kurdish language in generating terms from its own linguistic resources. These indigenous terms align more naturally with Kurdish linguistic preferences. The research seeks to inspire a greater appreciation among Kurdish speakers for the richness of their language, emphasizing its extensive vocabulary and structural capabilities that enable the creation of new terms with distinct meanings.

Another key aspect of this study is identifying suitable root words from various Kurdish dialects, ensuring that newly coined terms for emerging concepts or borrowed elements are applicable across all dialects. The study underscores the importance of analyzing term-formation processes in Kurdish and determining the most effective methods that align with the language's inherent characteristics.

Additionally, the research advocates for a more dedicated effort in Kurdish linguistics to systematically develop new terms and address the language's evolving needs. Utilizing a qualitative analytical approach, this study draws on both everyday spoken language and written sources, such as *Hanbane Borina* dictionary.

**Keywords:** Term, Mental Lexicon, Term Production.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەی کوردی لە بەرانبەر زاراوەی بێگانەدا) لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دا بەدوای سەرچاوە بەبەرهەم و گرنگەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێدا دەگەڕێت. سنوری کارەکە زاری کرمانجی ناوەڕاستە و کەرەستەی توێژینەوەکەش نمونە و زمانی ئاسایی ئاخێوەرانی ئێستای زمانی کوردییە.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە کنە و پشکنینێک لەو ڕێگایانەدا بکرێت، کە زاراوەی لێوە سازدەبێت و بە تیشک خستنەسەر تایبەتمەندی زمانی کوردی گونجاوترین ڕێگە دەستنیشانبکرێت. گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە زمانەوانی کوردی ڕژدتر کار لەسەر یەکە زمانییەکانی خۆی بکات بۆ دروستبونی زاراوەی نوێ و پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی.

پرسیاری گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە، ئایا کانگای زمانی کوردی (بەسود وەرگرتن لە زارە جیاجیاکانی) لە توانایدا هەیە زاراوەی زانستی و فەلسەفی و ئەکادیمی بۆ دیاردە و ڕوداوە تازەکان سازبکات؟

بەگوێرەی سروشت و پیویستی توێژینەوەکە، پەیڕەوی لە ڕێبازی پەسنی شیکاری کراوە.

توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، بەسەر دو بەشدا دابەشکراوە:

لە بەشی یەکەمدا ناساندنێک بۆ زانستی زاراوە و چەمکە سەرەکییەکانی زاراوەسازی کراوە. جیاوازییەک لەنێوان زاراوە و وشەی لێکدراو و فرەیزدا کراوە. لە تەوەرێکی دیکەدا ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی زاراوە باسکراوە.

بەشی دوەم بۆ باسکردن لە ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە. لە تەوەرەکانی دیکەدا هەندێک لەو کێشانە باسکراون، کە زاراوەی ناکوردی چۆن لەبری زاراوە کوردییەکان بەکاردەهێنرێن و ئەو دۆخەی کە دەستەوەستانی زمانی کوردیان وێناکردوە، بەوەی کە لەبری بەکارهێنانی زاراوە پەنابراوەتە بەر بەفرەیز وەرگێڕان و بەکارهێنانی ڕستە بۆ پەسنی زاراوە بێگانەکان.

لەکۆتاییدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی هاتوە.

## بەشی یەکەم: چەمکە سەرەکییەکانی زاراوەسازی و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی زاراوە:

### ١ سەرەتا:

لەم بەشەدا زانستی زاراوە و یەکە و پێکهێنە بنەڕەتییەکانی دەناسێنرێن. لایەنێکی دیکەی ئەم بەشە پۆلکردنی وشە و ناوانی پۆلە جیاجیاکانە، چونکە لە فۆڕمدا زۆر یەکەی زمانی فۆڕمی وشە وەردەگرن، بەڵام لە ناوەرۆک و مەبەستدا جیاوازن. زمانی کوردی، بەهۆی ئەوەی زمانێکی مۆرفۆسینتاکسییە، لە توانایدا هەیە ڕستەیەک بە وشەیەک بنوێنرێت، بۆ نمونە: (برۆ، مرد، هات، ...). کەواتە لە زمانی کوردیدا جگە لە (زاراوە)، یەکە زمانییەکانی دیکەی وەک (وشەی لێکدراو، فرەیز، ڕستە)ش دەکرێ بە فۆڕمی وشە بنوێنرێن.

### ١-١) زاراوەسازی

پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ گەلێک پێویستی لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە، بەشک لەو پێویستییانە بە زانستە جۆربەجۆرەکان دابیندەکرێن، لەگەڵ سەرهەڵدان یان گەشەکردنی هەرزانستێک زمانێکی تایبەت بۆ گەیاندنی پێویست دەبێت، بۆ ئەوەی چەمکە زانستییەکانی پێوە دەربڕدرێت. لەمەوە زانستی زاراوەسازی سەرهەڵدەدات، کە (ئەو زانستەیە لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوەکانی زمان، کە چەمکەکان دەردەبڕن دەکۆڵێتەوە)(عەبدوڵا، ٢٠١٣، ١٧) گرنگی بە ناساندن و پۆلێنکردنێکی وردی ئەو زاراوانە دەدات، کە لە پیشە یان بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن.

زاراوەسازی پەیوەندی و وابەستەیی لەگەڵ فەرهەنگسازیدا هەیە، بەجۆرێک زاراوەسازی سود لە یەکە فەرهەنگییەکان دەبینێت و بەگوێرەی پێویستی بۆ چەمک و داهێنراوە تازەکان بەکاریدەهێنێت، هەم زاراوە تازەکانیش دەبنەوە بە یەکەی فەرهەنگی و لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەراندا تۆماردەکرێن. واتە لە پەیوەندییەکی یەکدی بەرهەمهێنانەوەدان.

زاراوەسازی ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتە و تایبەتمەندی زاراوە دەکۆڵێتەوە، وەک زانستێکی دیاریکراو گرنگی بە وشە دەدات، لە ڕوانگەی داڕشتن و گەشە و گۆڕانی واتاکەیەوە، هاوکات گرنگی بە واتای وشەکان و ئەو سەرچاوانەی وشەی لێدروستبوە دەدات. زاراوەسازی جەخت دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر وشە و واتاکەیدا هاتوە بە درێژایی مێژو. بڕوانە: (دزەیی، ٢٠١١: ١٣). ئەم زاراوەیە لە وشەی یۆنانی (lexis-وشە) و (logos-لێکۆڵینەوە یان زانست)ەوە هاتوە. Ginzburg, Khidekel, Knyazeva and Sankin, A.A., 1966, 7))

زاراوە، ئەو وشەیەی بۆ واتا و چەمک و مەبەستێک دادەنرێت لە بوارێکی پسپۆڕیدا و ئەو زاراوانە لە فەرهەنگی گشتی زمانەکە وەردەگیرێن و بۆ چەمکێکی دیاریکراو لە بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن. واتە ئەو وشانە واتایەکی نوێ وەردەگرن، کە لە زمانی ئاساییدا بەکارهاتوە. دیاریکردن و ناساندنی زاراوە لەسەر سێ بنەما وەستاوە: وشە، گواستنەوەی واتا و ڕێکەوتن. بۆ ناساندنی زیاتر و دیدی زیاتری زمانەوانان لەسەر زاراوە، بڕوانە: (عەلی و عەبدولغەنی، ٢٠١٨: ١).

توێژینەوە لە بواری زاراوەسازییەوە گرێدراوی هەردو جۆرەکەی شیکردنەوەی زمانییە، کە بە شیکردنەوەی مێژوویی (Diachronic) و شیکردنەوەی ئێستایی (Synchronic) ناسراوە. زاراوەسازی سود لە هەردو جۆرەکە دەبینێت، بەجۆرێک بۆ ڕیشەناسی و ڕەسەنەیاتی زمان پەنادەباتە بەر شیکردنەوە مێژوییەکان (Etymology) و بۆ داهێنانی زاراوەی تازە و نوێکارییەکان (Lexicology) پەنادەباتە بەر شیکردنەوەی ئێستایی زمان (Crystal, 2003, 429).

### ٢-١) چەمکە سەرەکییەکان لە زاراوەسازیدا:

ئەو چەمک و یەکە سەرەکییانەی زاراوەسازی خۆیان لەگەڵدا خەریکدەکات، هەر خۆیان دەبن بە نوێنەری زانستەکە و لە ڕەنگ و ڕوخساری جیاجیادا پێویستی زانستەکە پڕدەکەنەوە.

**١. وشە - Word:**

یەکەی بنەڕەتییە لە بواری توێژینەوە لە زاراوەسازیدا، کە فۆرم (قسەکردن یان نوسراو) و واتا و ئەرکی لە کرداری ئاخاوتن و پەیوەندیکردندا هەیە.

وشە بچوکترین یەکەی زاراوەسازیە. ئەو جیاوازییەی لەنێوان وشە و زاراوەدا هەیە، لەو شوێنەدایە کە (وشە پارێزەری واتاکەی خۆی نییە)، (Khan, 2016, 698)، بەڵکو گۆڕان بەسەر واتاکەیدا دێت، لە بەرانبەردا زاراوە واتایەکی دیاریکراو و وردی هەیە، کە گۆڕانکاری بە ئەستەم تیادا دەکرێت.

وشە گەورەترین یەکەی مۆرفۆلۆجییە و بچوکترین یەکەی ڕستەسازییە.

لە ڕواڵەتدا وەسفکردنی وشە زەحمەت نییە. بەڵام کاتێک کەمێک وردتر سەیردەکەین، وشەیەک لەو بابەتە سادە و ئاشکرایەی کە ئێمە خەیاڵی دەکەین دورتر دەڕوات. مێشکی مرۆڤ ئامێری ناسینەوەی دەنگ و واتای دەنگەکان نییە بە تەنیا، بەڵکو هەڵسەنگێنەر و نرخ پێدەری ئەو دەنگ و چەمکانەشە، کە لە دەنگەکان هەڵگیراون. (بڕوانە: Pinker, 2003, 238) وشەی (کا) لە دو دەنگ پێکهاتوە، بەڵام لە دەوروبەری ڕێزمانی جیاوازدا واتا و نرخی جیاوازی هەیە.

**٢. لێما (Lemma):** وشەیەکە، کە پێکهاتە سەرەکییەکەی چەمکێک یان واتایەک دەگەیێنێت. هەمو وشەکانی سەرە لە فەرهەنگی هەر زمانێکدا لێمان. لە ڕوی تەکنیکییەوە "وشەیەکی بنەڕەتی و ئەرکەکانییەتی".


**٣. لێکسیم (Lexeme):** یەکەیەکی واتایە و دەکرێت زیاتر لە وشەیەک بێت. لێکسیم بریتییە لە کۆمەڵەی هەمو ئەو شێوە (فۆرم)انەی لێمایەک کە ڕیشەی واتاییان یەکە.

لە کاتێکدا لێما ئاماژەیە بۆ ئەو فۆرمە تایبەتەی کە بەپێی ڕێکەوتن هەڵدەبژێردرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی لێکسیمەکە.

مێشکی مرۆڤ نەخشەیەکی واتایی بۆ واتای وشە گەنجکراوەکان لە فەرهەنگی عەقڵیدا دادەنێت، تا بتوانێت گریمانەی واتای دیکە بکات، ئەم هەوڵەی مێشک وادەکات، کە دو بنەما بۆ فەرهەنگە ئاوەزییەکەی بونیادبنێت، ئەوانیش (لێما و لێکسیم)ن.

لێما: زانیاری سیمانتیکی و سینتاکسی وشە گەنجینەدەکات.

لێکسیم: لایەنی فۆنۆلۆژی و زانیاری شێوەی دەنگی و درکاندنی وشە و پێکهاتەکەی گەنجینەدەکات. بڕوانە: (قادر، ٢٠١٦، ).





بە لێکسیمبون ئەو دیاردەیە، کە وشەیەک دەکات بە زاراوە و هەمو ئەرکەکانی زاراوە دەبینێت.

**٤. وشەدان - Vocabulary:**

کۆی کۆمەڵە وشەکان لە زمانێک یان ژێرکۆمەڵەیەکی دیاریکراوی وشەکان کە لەلایەن تاکێک، گروپێک، یان دامەزراوەیەکەوە بەکاردەهێنرێن. وشەدان بەوە دەناسرێتەوە، کە لیستی وشەکانە، بەشێوەیەکی بابەتی و بەرجەستە لە فۆڕمی (فەرهەنگی نوسراو)دا دەردەکەوێت (Halliday, 2007, 97).

**٥. واتای وشە - Word Meaning:**

واتاسازی توێژینەوە لە واتای ڕاستەقینە و واتای بارکراو یان واتای کاریگەریی دەکات. دیاریکردنی واتای ڕون و ئاشکرای وشە، لەگەڵ ئەو واتا زیادانەی لە ئەنجامی گەشە و فراوانبونی واتایی هاتونەتە ئاراوە بە بوار و ئەرکی خۆی دەزانێت، بۆ نمونە:




بێگومان واتای هەر وشەیەک وێناکردنێکی هزرییە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە، ڕوداو یان شتێک. هەمو وشەیەک لە فەرهەنگی عەقلیدا هەڵگری واتایەک یان زیاتر، یان ئەرکێکی ڕێزمانییە (ئەحمەد، ٢٠٢١: ٤٣).

**٦. ڕیشەناسی وشە - Etymology:**

لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە و گەشەسەندنی مێژویی وشەکان و سەرچاوەی پەیدابون و وەرگرتنی وشەکانی زمان نیشاندەدات و ڕەسەنییان ڕادەگەیەنێت، وەك ئەوەی کوردین، یان عەرەبین، یان فارسیین،...، لە ڕوانگەی دایکرۆنیکەوە ئاماژە بە بنج و بنەوان و شێوەی بنەڕەتی وشەکان دەدرێت، لە ڕوانگەی دایکرۆنیکەوە مێژوی پەرەسەندنی واتاکانیان و چۆنێتی پەیدابونیان لە زمانێکدا دەخرێنەڕو، چونکە بەشێکی وشەکان لە زۆربەی ئەو زمانانەی، کە سەر بەیەک خانەوادەن هاوبەشن و لە یەکتری دەچن، یاخود لە ئەنجامی پەڕینەوەیان بۆ ناو زمانێکی دیکە نەژادی خۆیان لە دەستدەدەن و مۆرکی ناوچەیی ئەو زمانە وەردەگرن، بەڵام بەگشتی سەرچاوە و بنەماکانی پەیدابونی وشە و زاراوەکان لە زماندا گەلێک زۆرن، ئەفسانە کۆنەکان یەکێك لەو سەرچاوانەیە، کە بەهەزاران ناو و زاراوەی نێو فەرهەنگیی زانست و شارستانییەتی ئێستای مرۆڤایەتی لێ وەرگیراون، بۆ نمونە ناوی زۆربەی ئەستێرەکان و زاراوە فەلەکییەکان لە ئەفسانەکانەوە ماونەتەوە. بڕوانە: (Trask and Stockwell, 2007, 87).

**٧. بەیەکەوەهاتنی وشە - Collocation:**

دەربڕینی دو وشە یان زیاترە، کە شێواز و دەوروبەری زمانی گونجانی لە نێواندا دروستکردون. بڕوانە: Manning) and Schutze, 1999, 151). هەندێک وشە دەرفەتی گونجانیان لەگەڵ یەکدیدا زیاتر و ناکرێت بە وشەی هاوواتا یان نزیک واتا ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت. بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| پیاوچاک | پیاوباش |
| شەکرەسێو | شیرینەسێو |
| بەیانی باش | بەیانی چاک |
| شۆڕەژن | لارەژن |

ئەم بەیەکەوەهاتنە ڕێگایەکیشە بۆ دروستبونی زاراوەی تازە.

**٨. پەیوەندییە واتاییەکانی وەک (هاوواتا، دژەواتا، و فرەواتا ...):**

ئەم پەیوەندییە واتاییانە، لە خۆیاندا دەبنە سەرچاوەی بونیادنان و بەرهەمهێنانی زاراوەی تازە. بۆ نمونە زاراوەیەکی وەکو (نەگەیەنەر) لە بواری کارەبادا، کە ڕونە بەهۆی پەیوەندی دژواتایی لە (گەیەنەر)ەوە دروستبوە.

بۆ زانیاری لەبارەی پەیوەندییە واتاییەکان، بڕوانە: (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٩).

**٩. فەرهەنگ - لێکسیکۆن:**

لێرەدا مەبەستمان فەرهەنگی ئاوەزییە، کە کانگای بەرهەمهێنانی زمان و زاراوەکانە و زاراوە بەرهەمهاتوەکان دەخاتە پاڵ زاراوە جێگیرەکانی دیکەی زمان و بواری بەکارهێنان و خاوەنداریکردنی وەک یەکەیەکی زمانەکە لێ دەکات. فەرهەنگی عەقڵی کۆگایەکی زیندو و هەمیشە نوێکراوەیە بۆ یەکە زمانییەکان و زانیاری پێویستی لەگەڵ تاکە تاکەی وشەکان، لە مێشکی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، لە بارەی واتای وشەکان و ئەرک و پۆلی وشەکان و چۆنییەتی درکاندنیان هەڵگرتوە. بڕوانە: (ئەحمەد، ٢٠٢١: ٦).

## ١٠. کێڵگەی واتایی:

پۆلکردن و گۆکردنی وشەکانی پەیوەست بە چەمکێکەوە، کە سیمای واتایی هاوبەشیان هەیە بۆنمونە، وشەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا: (باران، زریان، ساماڵ، بەفر).

زمانەوانان بە خوێندنەوە و توێژینەوەی زیاتری زاراوەسازی باشتر دەتوانن لەوە تێبگەن، کە زمانەکان چۆن گەشە دەکەن و خۆیان دەگونجێنن و چۆن لە پەیوەندیکردندا بەردەوام دەبن، لە پێناو بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی وشە و واتای نوێ بۆ پێویستییەکانی ئاخاوتن و پەیوەندیگرتن.

## ١-٣) زاراوە و فرەیز:

کاتێک زمان لە بەرانبەر زاراوەی وەرگیراودا زاراوەی ڕەسەنی نەبێت، پەنا بۆ فرەیز دەبات بۆ وەرگێڕانی زاراوەکە. ئەم ڕێگەیە وەک یەکێک لە ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی زاراوەش دادەنرێت، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەمە بێجەسارەتی و خەمساردییە، چونکە بەکارهێنانی زاراوە بێگانەکە، دوای کورداندنی بە باشتر دەزانین وەک لە وەرگێڕانی زاراوەکە و بەکارهێنانی وەک فرەیز.

زاراوە: ڕێککەوتنە لەسەر واتای وشەیەیەک، یان چەمکێک. کاتێک وشە دەبێت بە زاراوە، کە بە لێکسیم (Lexeme) بو. لێکسیم یەکەیەکی زمانییە و بەشێوەیەکی ڕێژەیی نابەرجەستەیە، واتا، یان ئەرکێکی زمانی هەیە، بە فۆڕمی جیاواز بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. (Trask, 2003, 158)

فرەیز: وشەیەک، یان کۆمەڵە وشەیەکە، کە وەک یەکەیەکی واتادار کاردەکات.

| زاراوە | دروستەی فرەیز |
|---|---|
| دارم | میوە ڕنین |
| میرۆنیم | بەش لە گشت |
| سەرشۆڕ | بارێکی دەرونی کەسێکی شەرمەزار |
| جلشڕ | نارێکوپێک |
| چەخماخساز | چەک چاکەرەوە |
| شاگرد | بەردەستی وەستا، یان دوکاندار |

ئایا گۆڕینی فرەیزەکان بۆ بە زاراوەبون، چەمک و واتای کەرەستە زمانییەکانیش دەگۆڕێت؟

مەرگی جوان (جوانی و ناجوانی دیاردەیەک، یان ڕوداوێک نیشان دەدات)


جوانەمەرگ (ناوی دیاردەکە)

جوان بە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکارنەهاتوە، چونکە (جوان) لە فەرهەنگدا بۆ واتای جوانی شتێك یان دیاردەیەک، یان کەسێك تۆمارکراوە، بەڵام لە بە لێکسیم بویەکی وەك (جوانەمەرگ)دا، (جوان) بە واتای تەمەن بەکارهاتوە، ئەم

فرێزە پێش بە لێکسیمبونی بەو شێوەیە بوە (مەرگی جوان)، بەڵام دوای بە لێکسیمبونی بە هەمان پارامێتەرەوە نەگەڕاوەتەوە ناو فەرهەنگ.

نمونەی تر لەم ڕووەوە زۆرن وەك (گوڵی سور، ماڵی ڕەش، ...هتد). ئەگەر لە فرێزی (ماڵی ڕەش) ورد بینەوەو بە هێڵکاری نیشانی بدەین دەبینین ئەویش بەهەمان پارامێتەر بە لێکسیم نەبوە. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١). چونکە فرێزی (ماڵی ڕەش) واتای ماڵێکی ڕەش دەگەیەنێت، جا مەبەستی خانویەکی ڕەش بێت، یان ماڵێك کە بە شێوازێکی نایاسای پەیدابوبێت، هەروەک لە هەندێك وڵات زاراوەی (ئیشی ڕەش، یان ئیشی سپی) بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام دوای بەلێکسیمبونی ئەم فرێزە هەم واتا و هەم پارامێتەری سەرو تەواوکەریش دەگۆڕێت و دەبێتە وشەیەکی لێکدراوی (ڕەشماڵ)، کە بە واتای ماڵێکی کۆچەری دێت، کە خاوەنی مەڕوماڵات بن، بەوەش واتای بە لێکسیمبوەکە زۆر جیاوزە لە واتای فرێزەکە.

هێڵکاری (١).




**٤-١) ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی زاراوە لە زماندا:**

بەر لەوەی باس لە زاراوەی تازە بکرێت، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە هەر زمانێک خاوەنی زاراوەی ڕەسەنن بەتایبەتی ئەو ناوە زۆر بنەچەییانەی کە مرۆڤ لە خۆیی و لە شت و ڕوداو و دیاردەکانی دەوروبەری دەنێت. زمانەکانی جیهان بەگوێرەی ژینگە و سروشتی جوگرافیایی ژیانیان لە بونی زاراوەی ڕەسەن جیاوازن. زاراوەی نوێ لە ڕێگەی میکانیزمە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکانەوە و بەهۆی پێویستی و چەمک و تەکنەلۆژیای مۆدێرن دروستدەکرێن. سەرچاوە سەرەکییەکانی بونیادنانی زاراوەی نوێ لە زماندا بریتین لە:

**١- ٤-١) داڕشتن:** بە زیادکردنی پێشگر و پاشگر بۆ ئەو وشانەی، کە لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانەکەدا بونیان هەیە (زاراوەی ڕەسەن) زاراوە و وشەی نوێ دادەڕێژرێت بۆ چەمک و واتای نوێ، بۆ نمونە: (چاویلکە، ئاسنگەر، مزگەر...) بڕوانە: (غەریب، ٢٠١٢: ٤٣).

**١-٤-٢) ئاوێتەکردن (لێکدان):** ئەم پرۆسەیە بریتییە لە تێکەڵکردنی دو وشەی واتادار یان زیاتر بۆ پێکهێنانی زاراوەیەکی نوێ. بۆنمونە: ( کێوەڕەش، بەردەباز، لەرزوتا، دەستنوێژ، ڕەشمال، دوربین...). پرۆسەی لێکدان یەکێکە لەو ڕێگایانەی بەرهەمهێنانی وشە، کە لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا زۆر چالاك و بەبەرهەمە زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، ئەم پرۆسەیە تێیدا چالاک و بەرهەمدارە (هەمان سەرچاوە، ٥٥).

ڕێگەیەکی دیکە هەیە لەنێوان (داڕشتن و لێکدان)دا، کە تایبەتمەندی هەردو ڕێگەکەی تێدایە، و هەندێک لە زمانەوانانی کورد بە (داتاشین و لێکدان) ناویان بردوە. دو سەرە وشە، کە بەشێک لە دەنگەکانی لادەبرێت و ئینجا لێکدەدرێن، لە

ئەنجامی ئەم لێکدانەدا بەهۆی یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردییەوە، ڕەنگە هەندێک دەنگی دیکە تیابچێت یان بسوێت، یان بە دەنگی دیکە بگۆڕێت. بڕوانە: (شێخ تەیب، ٢٠١٢: ٢٧٩) بۆ نمونە:

ڕێگە + زمان = ڕێزمان

دەست + هاڕین = دەستاڕ

**١-٤- ٣ ) وەرگرتنی زاراوە لە زمانەکانی دیکەوە:** بەهۆی بەریەککەوتنی کلتوری و پەیوەندی نێوان گەلان و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، ئابوری، ڕامیاری ... تاد، زمانەکان زاراوەی نوێ، کە زمانی سەرچاوەکە داهێنەریەتی، وەردەگرن و بەکاریدەهێنن. وشە و زاراوە وەرگیراوەکان هەندێک جار لە ڕوی فۆنۆلۆژیی یان مۆرفۆلۆژییەوە دەگونجێنرێن لەگەڵ یاسا دەنگییەکانی زمانی وەرگردا، بۆئەوەی بە ئاسانی گۆبکرێن و بەکاربهێنرێن. (دیموکراسی، سیمینار، دیالۆگ، ...) (دزەیی، ٢٠١٤: ٧٠).

**١-٤-٤ )وەرگێڕان:** ئەم ڕێگەیە زاراوەیەک لە زمانێکی دیکەوە ڕاستەوخۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئامانج. بۆ نمونە ئەو داهێنان و دیاردە تازانەی لە زمانی سەرچاوەوە دێنە نێو زمانی ئامانجەوە، ڕاستەوخۆ بەرانبەرەکەیان لە زمانی ئامانجدا هەیە، بۆیە زاراوە نوێکان وەردەگێڕدرێن و بە زاراوەی زمانی ئامانج بەکاردەهێنرێن (صلاة – نوێژ، صوم – ڕۆژو، الباب الاول- دەرگای یەکەم....)، (هەمان سەرچاوە، ٦٩).

**١-٤-٥ ) فراوانبونی واتا:** هەندێک زاراوەی دێرین لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ زاراوە و چەمکی تازە بەکاردەهێنرێن. ڕەنگە وشە کۆنەکان بۆ وەسفکردنی بیرۆکەی زانستی یان تەکنەلۆژییەکان بگونجێن. وەک تەون (Net) بۆ (ئینتەرنێتInternet ). (وشە بە تێپەڕبونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدا دەکات و دیاردەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە) (فەتاح، ٢٠١١، ١٢٨)

لە فراوانبونی واتادا چەمکی واتا کۆنەکە بە پارێزراوی دەمێنێتەوە، کە جیاوازە لەگەڵ ئەو واتا نوێیەی کە هەمان وشە وەریگرتوە، لێرەدا ئەم فراوانبونی واتایە، دەبێتە هۆی پاراستنی وشە بنەڕەتییەکان لە مردن و لەناوچون.

**١-٤-٦ ) زیندوکردنەوەی زاراوە کۆنەکان یان دەگمەنەکان:** وشە کۆنەکان یان کەمتر باوەکانی زمانێک هەندێک جار زیندودەکرێنەوە و واتای نوێیان پێدەبەخشرێت کە لەگەڵ پێداویستییە هاوچەرخەکاندا دەگونجێن. وەک (بوخچەی نەکراوە، شۆخ،...)، کە وشەی (شۆخ) لە کۆندا واتایەکی نەرێنی هەبوە، بەڵام ئێساتا واتایەکی ئەرێنی پێدراوە بەکاردەهێنرێت بە واتای (جوان).

ئەم ڕێگەیە پەیوەندییەکی واتایی لەخۆی دەگرێت بە ناوی (Retronym). (بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠٢١، ١١٧)

**١-٤-٧ ) وەرگرتن لە دەنگی سروشتییەوە:** هەندێک جار وا ڕێک دەکەوێت، کە دەنگی سروشتی بونەوەرێک، یان دیاردەیەکی سروشتی دەبێتە زاراوە و ناو بۆ ئەو بونەوەرە یان دیاردەیە، وەک: وژەی با، جریوەی چۆلەکە، قرچەی دار، خوڕەی ئاو،...

**١-٤-٨ ) نیۆلۆژیزم (نوێگەراییەکان):** نوێگەراییەکان بریتین لە وشە، دەربڕین، یان بەکارهێنانێکی تازە دارێژراو، کە ڕەنگە بچنە ناو زمانێکەوە. بڕوانە: (Wales, 2014, 287). ئەم وشە نوێیانە بەهۆی پێویستی ناونان لە دیاردە نوێیەکان، ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، گۆڕانکارییە کولتورییەکان، یان پێویستی دەربڕینێکی وردتر سەرهەڵدەدەن. نوێگەراییەکان لە تواناياندا هەیە بچەسپێن و بە تێپەڕبونی کات ببنە بەشێک لە فەرهەنگی زمان، وەک وشەکانی "سێڵفی" یان "پۆدکاست"، یان لەوانەیە لە بەکارهێنان سست بن و دوای ماوەیەک نەمێنن وەک فلۆپی.

چەند ڕێگەیەک، کە نوێگەراییەکان دێننە ئاراوە:

١. داتاشین ٠(Blending): تێکەڵکردنی بەشێکی وشەیەک لەگەڵ بەشێکی وشەیەکی دیکە، بۆ پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، وەک "خورمژ" (خورما + مێوژ) یان "ڕۆڤار" (ڕۆژنامە + گۆڤار).
٢. بەدەنگکردن (ئەکرۆنیم): پێکهێنانی وشەیەک لە دەنگی یەکەمی وشەکانی فرەیزێک، وەک: ()"ناسا" یان (پارتی کرێکارانی کوردستان)"پەکەکە".
٣. بەکارهێنانەوە (repurposing): پێدانی واتای نوێ بە وشەکانی هەبو، وەک "هەور" (بۆ هەڵگرتنی زانیاری لە ئینتەرنێت) یان "ماوس" (بەرزەفتی کۆمپیوتەر).
٤. وەرگرتن: وەرگرتنی وشەکانی زمانەکانی دیکە، وەک "کارایۆک" لە زمانی ژاپۆنی یان "فیێستا" لە ئیسپانییەوە.

## بەشی دوەم: بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لە هەمبەرهەبونی زاراوەی کوردییدا

**١. سەرەتا:**

لەم بەشەدا دیاردەکانی بەکارهێنانی زاراوی بیانی لەبری زاراوە کوردییەکان دەخرێتەڕو، هاوکات بەشێک لەو هۆکارانەش کە بونەتە مایەی ئەم دیاردانە ڕوندەکرێنەوە. دیاردەیەکی دیکە جێگای سەرنج و تێڕامانی توێژەرانە، ئەویش دیاردەی وەرگێڕانی وشەیی لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی، کە وەرگێڕانەکە زاراوەی نوێ بەرهەمناهێنێت، بەڵکو فرەیزی لیدەکەوێتەوە. لەم بەشەدا و لە چەند نمونەیەکدا بەڵگەی ئەوە دەخەینەڕو، کە چەندین وشەی تۆماکراویش هەن، کەچی ئاخیوەری کورد وشەی بێگانە لەبریان بەکاردەهێنیت، یان فرەیز و کورتیلە ڕستە بۆ ناساندن بەکاردەهێنیت.

لە تەوەرێکی دیکەدا بە وەرگرتنی دو ژینگەی زمانی کوردی ئامارێکی سادە وەرگیراوە بۆ ئەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زاراوەی بیانی بزانرێت.

**٢-١) سروشت و توانایی زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی زاراوە:**

ئەو وشە و زاراوانەی کە واتای ڕونیان هەیە، بەڵام ئاخێوەرانی کورد بەکاریانناهێنن، ئەمە ئەو گرفتەیە کە زمانەوانانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە. زمانی کوردی بە یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهان دادەنرێت لە بونی سەرەوشە. ئەو زمانانەی داڕشتەیین، زۆر سود لە سەرە وشەکانی خۆیان دەبینن بۆ بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ. زمانی کوردی هەم سەرەوشەی زۆرە هەم ڕێگای داڕشتن ڕێگەیەکی هەرە چالاکە لە بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ.

" زمانی کوردی ئەندامی بنەماڵەی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە و بە گوێرەی هەندێک ئامار، زمانی یەکەمی یان زمانی دایکی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهان پێکدەهێنێت.

زمانی کوردی یەکێکە لەو ١٦٨ زمانەی، کە لە فەرهەنگی ویکیپیدیادا هاتوە و لەڕوی ژمارەی وشەکانەوە لە پلەی هەشتەمدایە. بەگوێرەی ئامارەکانی ماڵپەڕی (English dictionary website)، ژمارەی وشە کوردییەکانی ناو فەرهەنگەکە گەیشتوەتە ٩١٨ هەزار و ١٢٣ وشە. لە بەرانبەردا ٦٧ هەزار و ٦٢٤ وشەی عەرەبی و ١٠٤ هەزار و ٥٨١ وشەی فارسی و ٣٥٩ هەزار و ١٩٥ وشەی تورکی هەیە.

ئەو وشە کوردیانەی کە بۆ فەرهەنگەکە زیادکراون تەنیا لە زاری کرمانجیی سەرەوە و کرمانجی ناوەڕاستەوە هاتون، واتە وشەکانی زارە کوردی زازا و لۆر ناگرێتەوە. هەر بەگوێرەی ماڵپەڕەکە کاتێک هەمو زار و شێوەزارەکان تۆماردەکرێت یەک ملیۆن دوسەد هەزار وشە و دەربڕین لەخۆدەگرێت و بەم جۆرە لەدوای فینلاندی و کۆری لە پلەی سێیەمی جیهاندا دێت". (بڕوانە: ARK, 2024)

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی زارەکانی زمانی کوردی (سەرو، ناوەڕاست، گۆران، خوارو) هەریەکەیان لە ئاستی زمانێکدا و خاوەن ئەدەبیاتی تایبەت بەخۆیانن و گەورەترن لە زار (بەو شێوەیەی زانستی زارناسی پێناسی زار دەکات). سەرەڕای ئەم ڕاستیيانەی سەرەوە، زمانی کوردی لە کۆرپەسی زمانی و تۆماری سەرە وشەکانییدا زۆر لەدوایە. بە بڕوای ئێمە ئەگەر تۆمارێکی وردی سەرە-وشەکانی زمان کوردی بکرێت و سەرجەم زارە کوردییەکان وەک یەک جەستە ببینرێن، زمانی کوردی لە ڕیزی یەکەمەکانی زمانانی جیهانی لە بونی سەرە-وشەی ڕەسەنی خۆی دەبینرێت.

**٢-٢) بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لە هەمبەر هەبونی زاراوەی کوردییدا:**

بێگومان بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لە هەمو زمانێکی ئەم جیهانەدا دیاردەیەکی بەرکارە و بۆ زمانەکە نەنگیش نییە، بەڵام کاتێك ئەو زمانە وشە یان زارەوەی زمانەکەی خۆی هەبێت و بەکارینەهێنێت، ئەوا ئاخێوەر ناڕاستەوخۆ لە گرنگی زمانەکەی کەم دەکاتەوە، بە هۆی بەکارهێنانی زاراوەیەکی زۆری زمانی بیانی لە ناو زمانی دایکدا، دەبێتە هۆی سستبون، یان لاوازبون و لەناوچونی زمانی دایك. ئەمە ئەوەمان نیشاندەدات، کە ئاخێوەری زمانی کوردی ئاگاداری فەرهەنگیی زمانەکەی نییە، واتە بەر لەوەی لە ناو فەرهەنگیی زمانی دایکدا بۆ وشەیە یان زاراوەیەك بگەڕێت کە پێویستیەتی بۆ ناونانی شتێك یان دیاردەیەك ئەوا یەکسەر بە زانیاری سینتاکسیانەی خۆی یان بە وەرگرتنی لەزمانێکی تر فرێژێك وەردەگرێت یان بەرهەمدێنێت، چونکە ئاخیوەری زمان توانای بەرهەمهێنانی فرێزی لە زمانەکەدا هەیە، جا ئەو فریزە دواتر بە لێکسیم دەبێت یان نا ئەوە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، ئەگەر ئاخێوەر زاراوەیەك یان وشەیەکی پێویستی ڕۆژانەی لە زمانی دایك دەست نەکەوت و بەهۆی پرۆسەکانی (دارشتن و لێکدان و کرتاندن و تێکەڵکردن و ... هتد) نەتوانرا لە فەرهەنگی زمانەکەوە وشە بەرهەمبهێنێت، ئەوا ئاساییە کە وشە یان زاراوە لە زمانێکی تر وەربگرێت، کە بێگومان فەرهەنگ وتوخمە فەرهەنگییەکان، کە دەروازەی کۆزانیاری/ مەعریفیی زمانی مرۆڤە''، کە تێیدا زانیاری (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سیناتاکسیی و سیمانتیکی) تیایدا هەڵگیراون (ئەحمەد، ٢٠١٥: ٢٨).

کەوابێت ئاخێوەری زمانی کوردیی خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە پسپۆڕان و ئاخێوەرانی زمانەکە چەند دەتوانن زمانەکەیان بە زیندوێتی بهێڵنەوەو گرنگی بە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێ بە واتای نوێوە بدەن بۆ ئەوەی پێویستی ئاخێوەرانی زمانەکەیان پڕبکەنەوە.

کاتێک کۆڕێکی زمانەوانی یان مەڵبەندێکی زانستی، زاراوەیەک بەرهەمدەهێنێت، واتای ئەوە نییە، کە خەڵك وەریدەگرن و بڵاویش دەبێتەوە، بەڵکو لەوانەیە، ئەو زاراوەیە خەڵک وەریبگرن و بەکاری بهێنن، لەوانەشە پەسند نەکرێت و بە نوێباوی بمێنێتەوە، واتە نەچوبنە ڕیزی وشە چالاکە کوردییەکانەوە. بەڵام دەیان زاراوەی تر، کە لە بەرانبەر زاراوەی بیانی دانراون لە لایەن خەڵکەوە بەکاردەهێنرێن و دەچنە ڕیزی وشە چالاکەکانی زمانی کوردییەوە، وەك (هەواڵگری) لە بەرانبەر (الاستخبارات)ی عەرەبییەوە، (بێژەر) لە بەرانبەر (المذیع)ی عەرەبییەوە، چەندان زاراوەی تر زۆر بە فراوانی بەکاردێن و هەرچەندە تەمەنیان لە چەند ساڵێک تێپەڕناکات (عەبدوڵا، ٢٠١٣: ٢٥٢).

کەچی وشەی دیکە هەن وەك: (پێنوس) بەرانبەر (قەڵەم) کە وا چەند ساڵێک دەبێت داندراوە، کەچی نەیتوانیوە جێ بە وشەی (قەڵەم) لەق بکات، لە لایەن ئاخێوەرانەوە زۆر لە وشەی پێنوس زیاتر بەکاردێت. هەروەها زاراوەیەکی وەك (تێنوس) کە بۆ زاراوەی (دفتر) دانراوە، هەر بەکار نایەت، مەگەر بەدەگمەن لەلایەن نوسەرێکەوە بەکاربهێنرێت (هەمان سەرچاوەی پێشو).

دەبێت ئاگاداری ئەوەبین زاراوە بیانییەکان بۆ واتایەکی تایبەتی، یان بۆ داهێنراوێکی دەستنیشانکراو لە زمانە ڕەسەنەکەیاندا سازکراون، کە زاراوەکە وەردەگریت، دەبێت لە زمانی کوردییدا بە وردی بەرانبەر بە هەمان واتا بەکاربهێنرێت و بەبێ دەستکاری واتاکەی بۆ هەمان شتی داهێنراو دەربڕێت.

''ئەم بناغەیە بێگومان لە وەرگرتنی زاراوە بۆ زمانی کوردیی کارێکی سەرەکییە، نابێت فەرامۆشی بکەین. کەچی دەبینین زاراوەی (بەلوعە) کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتوە بە پێچەوانەی واتاکەی خۆی بەکاردەهێنرێت، ئێمە دەزانین (بەلوعە) لە زمانی ڕۆژانەی عەرەبییدا بە واتای (زێراب) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە زمانی کوردییدا وەکو زاراوەیەکی وەرگیراو بەرانبەر بە (الحنفیة)ی عەرەبی بەکار دەهێنین'' (البصير، ١٩٧٩: ٥٢). ئەمەش لادانێکی ناپەسندە لە ڕێبازی وەرگرتنی زاراوەی بیانییدا.

هەندێک نمونەی بەرچاوی زاراوە بیانییەکان، کە زاراوەی کوردی گونجاو لە زمانی کوردیدا بەرانبەریان هەیە:

کاتێک ئاخێوەرانی زمانی کوردیی لە بەرانبەر هەبونی زاراوەیەکی کوردیی زاراوەیەکی بیانی بەکاردەهێنین. ئەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

ا/ شارەزانەبونی ئاخێوەر لە فەرهەنگیی زمانی کوردی، کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا، فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی لە ڕوی سەرەوشەوە هەیە.

ب/ خۆ دەرخستنی ئاخێوەرە بەرانبەر ئەوەی بۆ بەردەنگەکانی نیشانبدات، کە شارەزای زمانی دیکە، یان زمانی دیکەش دەزانێت. هەستی خۆبەکەمزانی لای ئاخێوەر وادەکات زمانی دیکەی لە زمانەکەی خۆی پێ باڵاتر بێت.

ت/ نەبونی دامەزراوەی تایبەت بە زمان، کە ئەرکی سازبونی زاراوە و بەکارهێنانی لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردندا لەخۆ بگرێت و لە هەندێک باردا بیسەپێنێت.

ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن دەوڵەمەندی و توانایی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنان و بونی سەرەوشەی ڕەسەن دەردەخەن، کە ئاخێوەری کورد لە بەکارهێنانیان خۆی دەبوێرێت:

**١-زاراوەی (شفاف)ی عەرەبی لە هەمبەر هەبونی (تیوار)ی کوردییدا:**

ئەگەر سەیری ئەم زاراوە عەرەبییە بکەین ئاخێوەرانی زمانی کوردی وەك خۆی لە زمانی عەرەبی وەریان گرتوەو لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن، بەڵام کاتێك زاراوەی (تیوار) بە هەمان واتا لە زمانی کوردیدا هەیە، لێرەدا گرفت سەر هەڵدەدات، چونکە، گرنگینەدانە بە فەرهەنگیی زمانی کوردیی، کە بە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگیی زمانەکانی تردا فەرهەنگێکی زۆر دەوڵەمەندە.


زاراوەی (تیوار) بەواتای بەڕونی دێت، واتە ئاخێوەر کاتێك دەدوێت مەبەستیەتی ئەوەی لە دەرونیدایە بەڕونی بەبێ هیچ پێچ و پەنایەك دەری ببڕێت، بۆ ئەم مەبەستە زوربەی هەرە زۆری ئاخێوەرانی زمانەکەمان پەنا بۆ زاراوە عەرەبییەکە دەبەن و زاراوە خۆماڵییەکە بەکار ناهێنن.

**٢- بەکارهێنانی زاراوەی (خورافیات) لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (پوچەڵپێچ):**

زاراوەی (خورافیات)ی عەرەبی بەواتای گێڕانەوەیەك، یان شتێک دێت، کە لەسەر بنەمای (هیچ) یان شتێکی پوچەڵ دامەزرابێت، واتە ڕاستی و ڕاستەقینەی نەبێت، کە ئێمە زاراوەی (پوچەڵپێچ) پڕ بە پێستی ئەو واتایە دەزانین، کە زاراوە عەرەبییەکە هەیەتی. خزمەتکردنی زمان بەوە دەکرێت زاراوە کوردییەکە بەکاربهێنرێت لە هەمبەر زاراوە عەرەبییەکەدا. ئەمەش واتای زیندوێتی و چالاکی زمانی کوردی دەگەیەنێت، چونکە زمانی زیندو ئەو زمانەیە، کە پێویستی ئاخێوەرانی

زمانەکەی لە هەمو سەردەم و پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیادا و فراوانبونی پێداویستییەکانی ژیان پڕ بکاتەوە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری زاراوەکە بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٢).

هێڵکاری (٢)




هێڵکارییەکە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، کە (پوچەڵ) بەواتای ئەوە دێت، کە لە شتێکی بێ بنەما شتێك بنیات دەنێیت، (پێچ) بەواتای پێچ و پەنا و شتی دور لە ڕاستی دێت، بۆیە زاراوەکە پڕ بە پێستی (خوڕافیات)ی عەرەبییە.

**٣- بەکارهێنانی زاراوەی (مۆرفیم) لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (وشەک)ی کوردییدا:**

ئەم زاراوەیەش کە لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە، پەیدابونی زاراوەی (مۆرفیم)و شیکردنەوەی وشە و ڕستە بەسەر مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیدا زانستی زمانی بردە قۆناغێکی نوێوە، کورد بەرانبەر ئەم زاراوە ئینگلیزییە زاراوەی (وشەک)مان هەیە. کە پڕاوپڕی زاراوە ئینگلیزییەکە دەوەستێت، پێویستە ئەم زاراوەیە بەکاربهێنرێت و خوێنکاران بەو زاراوەیە ئاشنابکرێن، لە نوسینی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرادا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی زاراوەکە لەناو زماندا بەتەواوی بچەسپێت. بڕوانە: (کەرەمی، ١٣٩٦- ٢٠١٧: ٥).

**٤- بەکارهێنانی زاراوەی (خەیار) عەرەبی لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (ئارویٚ، یان ئارو)ی کوردییدا:**

زاراوەی (خەیار)، کە زاراوەیەکی عەرەبییە و وەك خۆی لە زمانی کوردییدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر لە زاراوە کوردییەکە وردبینەوە، کە (ئارویٚ)یە دەبینین هەر بە بیستنی ئەو زاراوەیە چێژێک وەردەگرین، چونکە زاراوەکە وشەیەکی خۆماڵییە و لە کۆنداو و ئێستاش لەلای بەساڵاچوەکان لە گوندنیشینەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە نوسین و ئاخاوتنی ڕۆژانەی زوربەی هەرە زۆری ئاخێوەرانی زمانی کوردییدا نابینرێت بەکاربهێنرێت، کە سەیری نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکان دەکەین هەمویان کە نمونە دەهێننەوە بەو میوەیە یان سەوزەیە هەر زاراوە عەرەبییەکە دەنوسن، وەك:

نوسینی نمونەی

-خەیار. لەجیاتی

- ئارویٚ.


چونکە لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا میوە فرۆشمان هەیە، بەڵام (ئارویٚ فرۆش / خەیار فرۆشمان) نییە.

هەندێك ناوچە لە گوندنشینان لە جیاتی (ئارویٚ) (ئارو) دەردەبڕن، بەڵام ئەمە گرفت دروستناکات، چونکە هەردوکیان هەر کوردین تەنیا ئەمە جیاوازی شێوەزار دەگەیەنێت، کە ئەمەش دەبێتە فاکتەری بەهێز بۆ دەوڵەمەندی زمانەکەمان لە ڕوی هەبونی وشەوە.

**٥- زاراوەی ( پاسکیل/ بایسکیل) لە هەمبەر هەبونی (پێچەرخ)ی کوردییدا:**

بەکارهێنانی زاراوەی ئینگلیزی (بایسکیل) یان (پاسکیل)، کە کوردێنراوە لە هەمبەر هەبونی زاراوەی کوردی (پێچەرخ)، کە بە پرۆسەی لێکدان بەرهەمهاتوە لە یەکگرتنی هەردو وشەی (پێ) و (چەرخ) کە وشەیەکی لێکدراوی بەرهەمهێناوە، ئەم وشەیەش، واتە (پێچەرخە) بە هەمان ڕێکاری زاراوەی (پێچاڵ) بەرهەمهاتوە، کە ناوی ئامێرێکە بۆ چنینی ڕانکوچۆغەی کوردی بەکاردەهێنرێت و ئامێرەکەش دەستکردی کورد خۆیەتی. ئەم ڕێگایەی بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ بە واتای نوێوە لە فەرهەنگیی زاراوەی کوردییدا بە (زرەڕێژ) ناوبراوە بڕوانە(البصیر، ١٩٧٩: ٩٦) واتە زمان بە پرۆسەی لێکدان وشەگەلێکی زۆر بەرهەمدەهێنێت بۆ پڕکردنەوی پێویستی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی و پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی زمانەکە، چونکە "هەمو زمانێك هێندە کەرەستە دەخاتە بەردەست ئاخێوەرانی تاوەکو بتوانن بەپێی قۆناغ و کات لە دەوروبەری خۆیان پێی بدوێن" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ١٠)، بەڵام ئەوەش دەزانین، کە زمان بە بەردەوامی لە گۆڕان و فراوانبون و پێشکەوتندایە هەروەك چۆن ژیانی مرۆڤ و گوزەرانیان بەردەوام لە فراوانبون و پێشکەوتندایە. لێرەدا ئەرکی زمان قورستر دەبێت، چونکە دەبێت بەپێی پێشکەوتن و فراونبونی ژیان و زۆربونی کەرەستەکانی دەوروبەری و ناونانی ئەو کەرەستانە پێویستە وشەی نوی بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنێت، بۆیە پرۆسەی لێکدان یەکێکە لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوی بە واتای نوێوە، چونکە پرۆسەیەکی چالاك و بەبەرهەمە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٣).

هێڵکاری (٣).




هێڵکارییەکە ئەوەمان نیشاندەدات، کە (پێچەرخ) لە یەکگرتنی هەردو وشەی (پێ + چەرخ) پێکهاتوە و زاراوەیەکی نوێی بە واتایەکی نوێوە بەرهەمهێناوە، کە جێگای زاراوەی (بایسکیل)ی ئینگلیزی دەگرێتەوە و زاراوەکەش کوردییە و پێویست ناکات زاراوەی بیانی بۆ هەمان ئامێر کە (پێچەرخ)ە بەکاربهێنرێت. زاراوەی (ئەسپە ئاسنین)یش بۆ ئەم ئامێرە دانراوە، بەڵام لە ناو کۆمەڵی کوردییدا نەڕۆشتوە و بەکارناهێنرێت. فارسەکان زاراوەی (دوچەرخە)یان داهێناوە و لە ناو کۆمەڵی فارسەکاندا بەکاردەهێنریت و ڕۆیشتوە و هیچ گرفتێکی نییە. ئەوان تەنیا ئاماژەیان بە هەردو تایەی ئامێرەکە کردوە، زاراوەکایان بەرهەمهێناوە، بەڵام ئێمە لە هەردو وشەی (پێ + چەرخ) بە پرۆسەی لێکدان زارەوەکەمان بەرهەمهێناوە و ئاماژە بە (پێ) و (چەرخ)ەکانی ئامێرەکە کراوە، کە پێمانوایە زاراوەیەکی پڕ بە پێستی ئامێرەکەیە.

**٦- بەکارهێنانی زاراوەی (مصعد)ی عەرەبی لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (پرتژۆک)ی کوردییدا**

زاراوەی (پرتژۆک) لە شێوەزاری (ئەردەڵانی)دا بەرهەمهاتوە بەم شێوەیە؛ لە ئەردەڵانیدا "پرتشتن" (ڕەگی ڕانەبردو: پرتژ) هەیە، کە بە واتای "بەرزکردن" دێت. دەتوانرێت لەم چاوگە ڕەسەنە کوردییە زاراوەیەکی گونچاو بۆ (مصعد-elevator) بەرهەمبهێنرێت. "مصعد" واتە ئەوەی کە بەرزدەکات و ناوی ئامیرەکەیە:

کەوابێت ''پرێژ + ۆک = پرێژۆک'' کە بەواتای بەرزکەرەوە دێت و جێگای مصعدی عەرەبی دەگرێتەوە، دروستکردنی ناو بۆ ئامێرێك لە چاوگی سادە باشتر و ئاسانترە تا لە چاوگی لێکدراو. مەرج نییە تەنیا چاوگە سادە باوەکانی زاری ناوەڕاست بەکاربەین، دەکرێ ئاورێك لە چاوگەکانی شێوەزارەکانی تریش بدرێتەوە.

**٧- بەکارهێنانی زاراوەی (قاپو قاچاخ) لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (هەوڕ) (بڕوانە: خاڵ، ٢٠٠٥)**

زاراوەی (قاپو قاچاخ) لە بنەڕەتدا تورکییە. لە زمانی کوردیدا بۆ دەربڕینی واتای ئەم کەلوپەلی خواردنە وشەی (هەوڕ) هەیە، کە بەواتای قاپ و کەوچکی دروستکراو لە گڵی سورەوەکراو بەکارهاتوە، ئەم کەلوپەلی خواردنەی کە لە گڵی سورەوەکراو دروستکراون دەستکردی دەستی خۆیان بوە و هەر خۆشیان ناویان ناون، بۆیە وشەی (هەوڕ) وشەیەکی ڕەسەنی کوردەوارییە. زیندوکردنەوەی ئەم وشە ڕەسەنانەی زمان بە پلەی یەکەم ئەرکی زمانەوانانی کوردە، کە بتوانن سودیان لێ وەربگرن و زاراوەی نوێ بە واتای نوێیان لێ بەرهەمبهێنن، یان هەمان فۆرم جارێکی تر بۆ واتایەکی دیکە بەکاربهێنن. بە پلەی دوەم ئەرکی دامەزراوە کارگێڕییەکانە، کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان لە پشتە بەکاریان بهێنن و بیانسەپێنن، لە نوسراوە فەرمیەکانیاندا.

**٨- بەکارهێنانی زاراوەی (واقیع) لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (کەتوار):**

کەتوار وشەیەکی کوردی پەتی زمانەکەمانە، کە بەواتای (واقیع)ی وشە عەرەبییەکەیە، هەروەها کەتوار بە واتای (بارودۆخ)یش دێت، واتە لە کاتی قسەکردن یان بڕیاردان لەسەر شتێک دەبێت ڕەچاوی (بارودۆخ/ واقیع/ کەتوار) بکەیت بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵەوە، و وتەکانت دور نەبن لەو بارودۆخەی یان کەشەی کە قسەی تێدا دەکەیت، یان پەیوەندی بە بابەتی وروژێنراو/ قسە لەسەر کراوەوە نەبێت.

واقیعە سیاسییەکە ئەوە دەخوازێت.

کەتوارە سیاسییەکە ئەوە دەخوازێت.

**٩- بەکارهێنانی زاراوەی (لمس-touch) لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (ساوان) (بڕوانە: هەژار، ١٩٩٠، ٤٠٩):**

ساوان زارەوەیەکی کوردی ڕەسەنە، کە بەواتای (پیاماڵین، پێداهێنان، ڕێخستن) یان بە واتای (لوسبون و کەمکردنیش) دێت کۆی واتاکانیشی واتای (هەستی بەرکەوتن) دەگەیەنیت لە زمانی کوردییدا. بەکارهێنانی وشەکە زۆر ئاسانە و لەگەڵ سەلیقەی ئاخێوەرانی کوردیشدا زۆر گونجاوە. واتای هەر وشەیەک کە لە فەرهەنگی کوردییەوە وەردەگیرێت مەرج نییە هەمان واتا بۆ زاراوە تازەکە بدات، بەڵام دەتوانرێت سود لە نزیکی واتاییەکەی وەربگیرێت.

**١٠- (برینگۆک) لە هەمبەر هەبونی زاراوەی (مەقەست)ی عەرەبییدا:**

لە زمانی کوردییدا (برینگ) بۆ برینەوەی خوری مەڕ بەکاردەهێنرێت، کە کەرەستەکە یان ئامێرەکە داهێنراوی کورد خۆیەتی. کەمێک لە (مەقەست) گەورەترە بۆ کاری بڕین بەکاردەهێنرێت. زاراوەکەش لە (بڕین + گەستن) بەرهەمهاتوە، چونکە ئامێرەکە کەمێك لە مەقەست گەوەرەترە دەتوانین وشەیەکی دارێژراوی وەك (برینگۆك) بەرامبەر (مەقست)ی عەرەبی لێ بەرهەمبهێنرێت، کە بۆ هەمان کردار بەکاردێت، کە بڕینە، بەم شێوەیە:

(برینگ + ۆك = برینگۆک).

**٢-٣ ) زاراوەی بەفرەیز وەرگێردراو بۆ زمانی کوردیی:**

دیاردەی وەرگێڕان یەکێک لە ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەیە لە زماندا. لە زمانی کوردیشدا ڕێگایەکی کارایە. لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە ئەم ڕێگەیە کاتێک زانستی و دروستە، کە بەرانبەر زاراوە بیانییەکە زاراوەی بەرانبەر نەبیت. بۆ نمونە وشەی (صلاة) لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام و بڵاوبونەوەی زمانی عەرەبی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا هاتە ناو زمانی کوردی،

بەڵام لەبەرئەوەی لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا زاراوی کوردی هەبو (نوێژ) زاراوە عەرەبییەکە بەکارنەهێنرا. نەنگی و کێشەی وەرگێران ئەوەیە، کە بۆ زاراوە بیانییەکان وەرگێڕانی فرەیزی بکرێت، لەبری ئەوەی بۆ زاراوەی گونجاو و بەرانبەر بگەڕێیت. لەم پارەدا ئەو زاراوانە بە نمونە دەهێنینەوە، کە لە زمانی بیانیەوە بە فرێزی وەرگێڕدراونە سەر زمانی کوردیی، بەڵام لە زمانی کوردییدا وشەی کوردی یەک لێکسیمیمان هەیە لە بەرانبەر ئەو زاراوە بیانییە. بەرهەمهێنانی فرەیز لە زماندا لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاخێوەران لە ڕوی سینتاکسییەوە توانای دەربڕینیان هەیە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەیان و تێگەیاندنی کەسانی دەوروبەریان، بۆیە دەبێت ئاخێوەر زۆر بە ئاگایی فەرهەنگییەوە، واتە شارەزایی هەبێت لە فەرهەنگیی زمانەکەیدا لە کاتی دەربڕینی زاراوەیەک بۆ گەیاندنی هەر مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو. با لەم نمونانە بڕوانین:

**١-( بەرگەهەوا):**

فرەیزی (بەرگی هەوا)، دوای بە لێکسیمبونی بوە بە (بەرگەهەوا)، ئەو زاراوەیە، یان ئەتمۆسفێر (The atmosphere)، وشەیەکی یۆنانییە لە دو برگە پێکهاتوە (ئەتمۆس) بە واتای هەڵم دێت و (سفەیر)یش بەواتای گۆیی دێت. ( Oxford English Dictionary, 2024) بەگشتی واتا ئەو بارستە گازەی دەوری تەنێکی ئاسمانی داوە، کە لە هەمبەر ئە زاراوەیەدا زاراوەی کوردیمان هەیە، ئەویش زاراوەی (تەوشك)ە بەواتای بەرگە هەوادێت، بەڵام زیاتر بەرگەهەوا لە لایەن ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە بەکاردێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی زۆری ئاخێوەرانی زمانی کوردیی بەو وشەیە کە (تەوشک)ە ئاشنانین. بۆیە واپێویست دەکات پێش ئەوەی زاراوەیەک یان وشەیەك لە زمانێکی تر وەربگرین دەورێك بە گەنجینەی وشەی زمانی کوردییدا لێبدرێت، ئەگەر ئەوەی مەبەستە لە زمانەکەدا بەردەست نەبو، ئینجا پەنا ببرێتە بەر وەرگرتنی وشە یان زاراوە لە زمانێکی دیکە.

**٢- (پێستەی ئاژەڵ):**

لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی. (Animal skin) ئەم زاراوەیە بە فرێزی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی، بەڵام وشەی تایبەت بەو زاراوەیە هەیە ئەویش (ئاڤار)ە (هەژار، ١٩٩٠، ٨)، کە بەهەمان واتا دێت، بەڵام بەهۆی بەکارنەهێنانی ئەم وشەیە تاڕادەیەك وشەکە وەك وشەیەکی مردوی لێهاتوە.

**٣- (گورگی مێ):**

ئەم زاراوەیە ''لە زاراوەی (أنثى الذئب)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە بە فرەیزی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و (گورگی مێ)ی لە بەرانبەر دانراوە'' (غەریب، ١٩٧٤: ١١)، بەڵام ئێمە لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا وشەی تایبەتمان بەو واتایە هەیە و کە نەك فرەیز بێت، بەڵکو یەک لێکسیمە و پر بە پێستی واتا عەرەبییەکەیە، بۆیە پێویست ناکات بۆ هەمان واتا و مەبەست فرێزێک لە بەرانبەر وشە یەک لێکسیمەکاندا بەکاربهێنرێت لەزماندا، چونکە هەروەك پێشتر ڕونمان کردەوە ئاخێوەر توانای بەرهەمهێنای فرێزی هەیە لە زماندا بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو، یان بۆ تێگەیاندنی بەرانبەر لە شتێکی دیاریکراو. وشەیەك لێکسیمەکەش (دێڵ)ە، کە بۆ مێیەی (سەگ و گورگ و ڕێوی و چەقەڵ)یش بەکاردەهێنرێت، پێی دەگوترێت (دێڵەگورگ).


**٤- (کەلما):**

بە واتای شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵی دەرندە دێت، وەك (کونی ورچ و پڵینگ و چەقەڵ و ڕێوی،...هتد) (بڕوانە: هەژار، ١٩٩٠، ٦٦٤)، کە وشەیەکی کوردی پەتی فەرهەنگیی زمانەکەمانە، کە ئاخێوەرانی زمانەکەمان لە جیاتی وشە فەرهەنگییەکە (کونی ورچ یان کونی چەقەڵ) بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاخێوەرانی زمان تاونای

بەرهەمهێنانی فرێزیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەنگەکانیان لە خواست و مەبەستی خۆیان تێبگەیەنن، وەك كاتێک باوكێك بیهەوێت منداڵەكەی لەوە تێبگەیەنێت، کە ئەم بەچکەیە چییە ڕاستەوخۆ پێی ناڵێت (کاریلە)یە، بەڵکو پێی دەڵێت ئەمە (بەچکەی بزنە)، ئەمەش بەرهەمهێنانی فرێزە، بەڵام کەسانێك بێئاگا لەوەی کە وشەی (كەلما) لە فەرهەنگی زمانەكەماندا هەیە ئەوان یان زۆربەیان فرێزی (کونی ورچ،... هتد) دەردەبڕن بۆ گەیاندنی مەبەستەكەیان، بۆیە وشەكە لەلای زۆربەی ئاخێوەران بە وشەیەكی مردوی زمانەكەمان دادەنرێت. ئەگەر بێت و نوسەران و ڕۆشنبیران و ئاخێوەران بەگشتی بەکاری بهێنن ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی لە جیاتی دەربڕینی مەبەستێك بەفرێزێك وەك (کونی پڵنگ، کونی ورچ، كونی ڕێوی، ... هتد)، ئەوا بە وشەیەكی وەك (كەلما) ئاخێوەرانی زمانەكەمان مەبەستەكە دەردەبڕن و هیچ گرفتێكیش دروست نابێت گرنگ زیندوکردنەوەی وشە فەرهەنگییەکەیە، کە لە زمانەکەماندا هەیەو وشەیەکی خۆماڵییە.

**٤-٢ )بونیادنانی زاراوەی نوێ لە زمانی كوردی:**

لە زمانی کوردیدا، وەک لە زۆر زماندا، زۆرجار زاراوەی نوێ لە ڕێگەی میکانیزمە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ جێگیرکردنی پێداویستی و چەمک و تەکنەلۆژیای مۆدێرن دروستدەکرێن. لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ڕێگەكانی بەرهەمهێنانی زاراوە خرانەڕو، بەڵام مەرج نییە هەمو زمانەكانی جیهان بە هەمان ڕێژە ڕێگەکان بەکاربهێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و تایبەتمەندی هەر زمانێک، لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی دارشتەییە، بۆ زاراوە نوێیەكانی بە ڕێژەیەكی زۆر سود لە ڕێگەكانی دارشتن و لێکدان دەبینێت. لەبەر نەبونی پلانێکی تۆکمەی دامەزراوەیی، ڕێگەی وەرگرتنی زاراوەی بیانی، بەتایبەتی بۆ ناوی داهێنانە بیانییەكان ڕێگەیەكی دیكەی چالاكە بۆ بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ لە زمانی كوردیدا و دۆخەكە بەجۆرێکە ئەم ڕێگەیە لە هەندێک ژینگەی زمانیدا لە هەمو ڕێگەكان چالاكترە، بۆ نمونە لە ناوەندەكانی خوێندن، بەتایبەتیش لە زانكۆكان. ئەم نمونانەی خوارەوە ئەو زاراوانەن کە بە بڵاوی لە زانكۆكانی كوردستان بەكاردەهێنرین:




زانکۆ (داتاشین)

خوێندن (ڕەسەن)

خوێندکار (دارشتن)

مامۆستا، کە لە مام+ وەستا بەرهەمهاتوە (لێکدان)

دکتۆر (وەرگیراو)

محازەرە (وەرگیراو)

هۆڵ (ڕەسەن)

ماجیک (وەرگیراو)

وایتبۆرد (وەرگیراو)

داتاشۆ (وەرگیراو)

بەشی ناوخۆیی (وەرگێڕانی فرەیزی)


کویز (وەرگیراو)

کۆرسبوک (وەرگیراو)

کۆرس (وەرگیراو)

مۆدیول (وەرگیراو)

کریدیت (وەرگیراو)
کۆبونەوە (دارِشتن)
ئەنجومەن (ڕەسەن)
غیاب (وەرگیراو)
دەوام (وەرگیراو)
لە بیست زاراوەی زۆر بەکارهاتوی ناوەندی زانکۆ ڕێژەکان بەم جۆرەیە:
٢٠ زاراوە: ١٢ وەرگیراو ٦٠٪، ٣ ڕەسەن ١٥٪، ١ وەرگێڕانی فرەیزی ٥٪، ٤ دارِشتن ٢٠٪
لە ژینگەیەکی دیکەی زمانیدا ڕێژەکان جیاوازن، بۆ نمونە لە ناوەندی کشتوکاڵی و لادێکاندا، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی داهێنانەکان سەر بە ژینگەکەیە و جوگرافیای کوردستان یەکەم سەرچاوەی کشتوکاڵە، زاراوەکان یان ڕەسەنن یان لە یەکە زمانییە ڕەسەنەکانەوە دارِێژراون دارِێژراون:
تۆو (ڕەسەن)
شۆ (ڕەسەن)
جوت (ڕەسەن)
گاسن (لێکدان)
داسولکە (دارِشتن)
ئاودان (دارِشتن)
جۆگە (دارِشتن)
سەپان (ڕەسەن)
پاڵە (ڕەسەن)
کێڵان (ڕەسەن)
دانەوێڵە (دارِشتن)
پەڵە (ڕەسەن)
شەوین (دارِشتن)
تراکتۆر (وەرگیراو)
دەڕاسە (کۆمباین)(وەرگیراو)
پەرێز (ڕەسەن)
قەرسیل (ڕەسەن)
گاڕان (دارِشتن)
مێگەل (دارِشتن)
دەواجن (وەرگیراو)




٢٠ زاراوە: ٩ ڕەسەن ٤٥٪، ٨ دارِشتن ٤٠٪، ٣ وەرگیراو ١٥٪
بە بنەما وەرگرتنی ئەم دو ژینگە زمانییەی سەرەوە (زانکۆ، کشتوکاڵ) دەتوانرێت ڕێگە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە لە زمانی کوردیدا دیاریبکەین، کە ئەوانیش:

ڕەسەن (Origin)

داڕشتن (Derivation)

وەرگیراو (Borrowing)

وەرگێڕان (Translation)

ئەم ڕێگایانە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لە بواری زاراوەسازی کوریدا. هاوکات ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو ژینگە زمانیانەی کە کەمترین داهێنانی خۆماڵی تێدایە، کەمترین سود لە سەرە وشە ڕەسەنەکان وەرگیراوە بۆ بەرهەمهێنانی زاراوەی تازە.

بە بەراوردێکی سادەی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی ئەوە دەردەکەوێت، کە زمانەکانی جیهان لە ڕوی سودوەرگرتن لە ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی زاراوەوە لە یەکدی جودان. زمانی ئینگلیزی لە مێژوی پیشکەوتن و بە جیهانیبونی زمانەکەیدا لە پلەی یەکەمدا سودی لە ڕێگەی وەرگرتنی زاراوە بینیوە. بە گشتی ڕیزبەندی ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی زاروە لەزمانی ئینگلیزیدا بەم جۆرەیە:

**ریزبەندی ڕێگاکان بەپێی زۆرترین بەکارهێنان:**

- وەرگرتن (Borrowing)
- لێکدان (Compounding)
- داڕشتن (Derivation)
- ... بڕوانە: (Thomason and Kaufman, 2001, 10).

**هۆکارەکانی زۆرترین بەکارهێنانی وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزیدا ئەمانەن:**

- ئینگلیزی زمانێکی کراوەیە و بە ئاسانی قبوڵی زاراوەکانی زمانەکانی دیکە دەکات.
- مێژوی داگیرکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا وایکردوە وشەی زۆر لە زمانەکانی دیکەوە وەربگرێت.
- ئینگلیزی زمانێکی گەشەسەندوە و بە خێرایی خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان.

بەگوێرەی هەندێک خەمڵاندن زاراوەی وەرگیراو ٧٥٪ی کۆی زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی پێکدەهێنێت، کە زۆربەیان لە فەرەنسی و لاتینی وەرگیراون. بەشێکی زۆری ئەم زاراوە وەرگیراوانە دوای داگیرکاری نۆرماندەکان لە ساڵی ١٠٦٦ بۆ سەر ئینگلتەر هاتە ناو زمانەکەوە. (نۆرماندەکان زمانی فەرەنسییان لەگەڵ خۆیان هێنا ناو زمانی ئینگلیزییەوە). (هەمان سەرچاوە، ١١)

**پێشنیاز**

ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی ڕوپێوییەکی گشتگیر لە بوارە جیاجیاکانی بەکارهێنانی زمانی دەکات سەبارەت بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ لە زمانی کوریدا.

لە بارەی وشە و زاراوە وەرگیراوەکانیشەوە پێشنیازدەکات بنەماکانی وەرگرتنی زاراوە دیاریبکرێت بەجۆرێک وەرگرتنێکی کوردێنراو، یان وەرگرتن و لێکدان لەگەڵ کەرەستە زمانییەکانی زمانی کوردیدا، بۆ نمونە (چاتکردن، محازەرەخوێندن،...)

**ئەنجام:**

١. زاراوەسازی و فەرهەنگسازی سەرمایەگوزاری لەسەر یەکدی دەکەن، بەجۆرێک زاراوەسازی سود لە یەکە فەرهەنگییەکان دەبینێت و بەگوێرەی پێویستی بۆ چەمک و داهێنراوە تازەکان بەکاریدەهێنێت، هاوکات زاراوە تازەکانیش دەبنەوە بە یەکەی فەرهەنگی و لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران و فەرهەنگە نوسراوەکاندا گەنجینەدەکرێن.

٢. ئەو چەمکانەی کە لە یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردییەوە زاراوەیان لێ دروستکراوە باشتر چەسپیون و ڕێگربون لەوەی زاراوەی بێگانە شوێنیان بگرێتەوە. وەک زاراوەی (ڕەگ) لە بیرکاریدا.

٣. ئەو زاراوە کوردییانەی لە زمانی کوردیدا هەن و ئاخێوەران وشەی بێگانەیان لەبری بەکاردەهێنن، بونەتە وشەی نامۆ و تەنیا لە دەقە نوسراوەکاندا بەکاردەهێنرێن.

٤. زاراوەی زارە کوردییەکان جێگرەوەیەکی باشن بۆ زاراوە بیانییەکان، تەنیا پێویستیان بەوەیە لە بواری فەرمی و نوسیندا بەکاربهێنرێن.

**سەرچاوەکان:**


ئەحمەد، بروا، (٢٠٢١) گەنجینەکردنی زانیاریی لە فەرهەنگی عەقڵیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین.

عبدوڵلا، ڕۆژان، (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دوهەم.

سەعید کەرەمی (١٣٩٦ – بەرامبەر ٢٠١٧)، وشەناسی زمانی کوردی، دانشگاه کوردستان، سنندج.

شێخ تەیب، شەهاب،(٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

دزەیی، عبدولواحید، (٢٠٠٩)، واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکیی و پراگماتیکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولیر.

دزەیی، عبدولواحید، (٢٠١١)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، هەولێر.

دزەیی، عبدولواحید، (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

البصیر، کامل، (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

غەریب، کەمال، (١٩٧٤)، فەرهەنگی زانیاری (عەرەبی- ئینگلیزی-کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد.

غەریب، کەمال، (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

هەژار، (١٩٩٠ )، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کوردی-فارسی.

ئەحمەد، تریفە، (٢٠١٥)، زانیاری پراگماتیکی لە کرداردا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی، بەشی (B)، ژمارە (٤٦).

قادر، سەباح، (٢٠١٦)، هەندێ لە تیۆرەکانی فەرهەنگی ئاوەزی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٤، کەلار.

عەلی، بەکر عومەر، عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵلا، (2018). 'زاراوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا', *Journal of Garmian University*, 1-23. Doi: 10.24271/GARMIAN.622

Crystal D., 2003, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell, Oxford.

Ginzburg, R.S., Khidekel, S.S., Knyazeva, G.Y. and Sankin, A.A., 1966. A course in modern English lexicology. Higher School Publishing House.

Halliday, M.A.K. and Yallop, C., 2007. Lexicology: a short introduction. A&C Black.

Khan, S.A., 2016. The distinction between term and word: A translator and interpreter problem and the role of teaching terminology. *Procedia-Social and Behavioral Sciences*, *232*, pp.696-704.

Manning, C. and Schutze, H., 1999. Foundations of statistical natural language processing. MIT press.

Oxford English Dictionary, s.v. “atmosphere (n.),” June 2024, https://doi.org/10.1093/OED/9838202858.

Pinker, S., 2003. *The language instinct: How the mind creates language*. Penguin UK.

Thomason, S.G. and Kaufman, T., 2001. *Language contact*. Edinburgh: Edinburgh University Press.

Trask, R. L., 2003, A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Routledge, London.

Trask, R.L. and Stockwell, P., 2007. Language and linguistics: The key concepts. Routledge.

Wales, K., 2014. *A dictionary of stylistics*. Routledge.

AKR, (2024), On “International Mother Language Day” … The Kurdish language is ranked the third in the world | ARK News: https://www.arknews.net/en/node